# کازیوە سالح تەمەنێکی کورت و ئەزموونێکی گەورە

نەسرین کەرکوکی

ناسینی من بۆ ئەم حاتوونە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغەکانی سەرەتایی، ئەوە کاتەی لە یەکی سەرەتایی بووین و هەتا ناوەندیشمان تەواو کرد، ئەو کاتە ئەو کچێکی زیرەک و جوانکیلە و زۆر شەرمن بوو، بەلام لە کەلیشیدا زۆر وریا، هەر ئەو کاتەش ئەو وەکو ئێمە هەلس و کەوتی نەدەکرد، بۆ نموونە ئەو پرسیارانەی لە مامۆستاکانی دەکرد لە تەمەنی گەورەتربوون ئەمەش وای دەکرد مامۆستاکە هەندێ جار لیی بپرسێت : کێ فێری کردیت ئەو پرسیارە بکەیت ؟

بە تایبەت ئەوان کە هەمیشە لە ژێر دەستی رەشی بەعسدابوون بۆ گرتن و چەوساندنەوە هەندێ جاریش مامۆستای وانەی عەرەبی کە ناوی سعاد بوو پێ ی دەگووت تۆ پیرەژنی، یاخود دەیگوتمنلێکی منال بە نەک منالێکی گەورە، ئێمەی هاوپۆلیشی غیرەمان لێدەکرد و پێمان ناخۆش بوو ئەوەی پێ بگووترێ یا خود ئەو کاتەی هەمان مامۆستا پرچە درێژو پرە ئالتونیکەی دادەهێنائێمە لە بایەخدانی ئەو مامۆستایە غیرەمان دەکرد، تەنانەت هەندەکش لە هاوەلەکلنمان کە ئەو دەچووە دەرەوە قەلەم لا ستیک و قەلەم دادانەکەیان دەبرد، یان لاپەرەیەکیان لە کتێب و دەفتەرەکانی دەدراند کە زۆر بایەحی بە جوانی بەرگ و خاوێنی راگرتنی دەدا وەکو تولە کردنەوە لەوەی ئەو لە ئێمە باشترە، ئێمە ساویلکە نەماندەزانی بۆچی وادەکەین، نەشماندەزانی چۆن ئەو چاوەپر فرمێسکانەی بخوێنینەوە کە دەبوون بە گۆمی خوێن کاتیک کتێب و دەفتەری ئەنفال کراوی دەبینی، نەیدەزانی کە نزیکترین هاورێکانی خۆی ئەوە دەکەن. . . تەنانەت لەو کاتەشدا بیرکردنەوەی لە ئێمە جیاواز بوو. ئەو لە گەل هاوپۆلە کورەکانماندا وازی دەکرد و نزیکترین هاورێ ی براکەی بوو ئێمەش دەمانگووت : کچان لە ناو کوراندا. . . دایکی قالونچەکانە. . . ئەویش نە لە یاری کردنی خۆی دەکەوت و نە فیری ئەو سرودە دواکەوتوەش دەبوو، بیرکەوتنەوەی ئەم یادەوەریە لەلام لە کردەوەی هەندێ کەس بەتایبەت هەندێ سیاسیەوە بوو بەرامبەر ئەم خاتوونە ئازیزە، بەلاّم بێگومان غیرەکانی ئەمانی یاری زان جیاوازە لە غیرەکانی منالی ئێمە. . . هەمیشە کە ناوی ئەم کچە رۆشنبیرەم لە رۆژنامەکانەوە دەبینی وەکو ژنێکی کورد پێی شاگەشکە دەبووم، کە بیریشم لە ئاکارەکانی منالی دەکردەوە شەرمەزارێک هەندێ پەستی دەکردم، هەروەها ئاواتە حوازیش بووم جارێکی تر ببینم بۆ ئەوە بزانم ئیستا کە کەسێکی رۆشنبیرەو ئەتوانێت تەحلیلی کردەوەکانمان بکات هەلویستی چۆن دەبێت. . . زۆری نەبرد ئەو ئاواتەم هاتە دی کاتێک بینیمەوە من کێشەیەکی گەورەم هەبوو ئەویش هێندە بە دلسۆزی کێشەکەی چارەسەر کرد شەرمەزاریەکانم بەرامبەری هێندەی تر زیادبوو. بەلاّ مامەلەکردنی ئەو بە شێوەیەک بوو کە واهەست بکەم ئەو بەرپرسە بەرامبەر بە چارەسەرکردنی هەر کێشەیەک کە هەمبێت. . . لە سوریا جارچکی تر ئەم حاتوونەم بینیەوە بەحتەوەر بووم وام هەست کرد فریارەسێکە لە هەرکوێ بم لەوێ یە بۆ ئەوەی گوێ بۆ خەکانم بگرێت، ئەویش لە گەل ئەوەی یەک تەمەنین، بەلاّ هەمێشە سۆزێکی دایکانەی ئەوەندە گەورە بەرامبەر بە کەسە دلسۆزەکانی دەوروبەری هەیە وا هەست دەکەی چەندین سال لە تۆ گەورەتر. بەلام هەمیشە کە لە چاوە پر فرمچسکەکانیم دەروانی تێدەکەیشتم کە ئەم کچە ئیستاش لە ناو کۆمەلی ئێمەدا ئەو کچە زیرەک و ژیکەلەو شەرمنەی منالیە و کۆمەلیش هاورێ غیرەکەرو ساویلکەکانی. ، زۆربەی کاتەکان بێدەنگە کەمتر قسەدەکات، حەز بە پرسیارکردن ناکات، ئەمە وای لێدەکردم من هەمیشە بپرسم ئەویش هەمیشە راشکاونەو جریئانە وەلام بداتەوە.

لەوماوەیەدا دەمبینی ئەم حانمە زۆر لە کێشی دادەبەزێ نەک لەبەر ئەوەی ( رجیم) دەکات، بەلکو لە بەر ئەوەی زۆری لە دەمی خۆی دەگرتەوە بۆ ئەوەی چالاکی بۆ نەتەوەکەی وبەناوی نەتەوەکەیەوە بکات. . واتە دەروێشانە خۆی بە تەنها ئەو کارەی دەکرد و کەسیش وەکو کەسیش نەبوو بلێ سوپاس زۆر جار ئازار دەدرا، زۆر جاریش دەمبینی کە شتی خۆی دەفرۆشێ بۆ ئەوەی هاوکاری شوێنیک هەتیوان بکات لەو وولاتەدا، ، بەبێ ئەوەی زۆر جار تەنانەت ناوی حۆشیان پێ بلێ. . . کە میسریش گەرایەوە بۆ سوریا بەختەوەر بوو بەوەی توانیویەتی جێگا بۆ هونەرو مرۆڤی کورد لە میهرەجانەکانی ئەوێدا بکاتەوە گووتی ( لە لام گرنگ نیە کە زۆر ماندوو بووم زوبەی شتەکانی خۆمم فرۆشت بۆ ئەوەی یەک بە یەک بە هەموو رۆشنبیرا بلێم ئیمەین خاوەنی ئەنفال و هەلە بجە و راگواستن، تەنانەت بە هۆی کارکردنی بەردەوامەوە لە بینینی زۆر شوین رۆشنبیری وکەلتوریم نەبینی و ئەم ماوەیە لە نیشتمانی عەرەبیدا هیچ نەجەساومەتەوە. . . بەلاّم ئەکەر یەک فیلمی کوردی یان مرۆڤی کورد بچێهە ناو ئەو میهرەجاناناوە ماندوێتیم دەحەسێتەوە. . . . زۆر کەس پاش ئەوەی حەقیەتی کارەساتەکانیان بە بەلگەوە بینی ئامادەن بچنهـ کوردستان و کاری باشی بۆ بکەن. . لەویش پەیمانیان پێداوم دەعوەت بۆ هەر کەسیک سوودی بۆ نەتەوەکەمان هەبێت بکرێت. . . .) ئەوەندەی ئاگاداربووم چەند نامەیەکی بۆ کوردستان نووسی کە پەیمانەکەیان جێ بە جێ بکەن بەلاّم بێ دەنگی و چاوەغەمبارەکانی پێیان دەگووتم کە هەولەکانی لە بار بران و پەیمانەکانیش سوعبەت بوون، لە گەل ئەوەشدا بۆ ساتێک لە هەولەکانی حۆشەویستی بۆ نەتەوەکەی سارنەدەبووە. . بۆیە هێندە سەرسامی جورئەت و کەسایەتی بە هێزی ئەم کچە بووم حەزم دەکرد منیش نووسەر بم یان رۆژنامەنووس بۆ ئەوەی لەسەر هەموو کارو چالاکی هەموو ئەو هەلوێستە جوانانە ببینم کە لێم دەبینی، بەلام بە داحەوە هەموو کەس ناتوانێت نووسەر بێت، بەلام توانیم چەندین پرسیاری رۆژنامەگەری بۆ ئامادە بکەم و بلێم پێم خۆشە چاوپێکەوتنت لە گەلدا بکەم، ئەویش کە زانی بە هۆی سەرسامیم بە ئەو لە نووسین نزیک دەبمەوە سەرەتا زەردەحەنەیەکی جوان رووی گەشاندەوە و پاشان هەناسەیەکی قولی هەلکیشا و ووتی ( پرۆسەی رۆژنامەوانی و کاری رۆژنامەوانی زۆر گرانە، خوازیارم ئەو پرۆسەیە بکەیت بە پیشەو هەرگیز لیی جودا نەبیتەوە، ئەگەر هەر کەسیک بە تایبەت ژنیک بە چاوپێکەوتنیک لە گەل مندا لە پرۆسە پیرۆزە نزیک بێتەوە، لە گەل ئەوەی رکم لە چاوپێکەوتنە، بەلام ئامادە لە بری چاوپێکەوتنیکی چەندین چاوپێکەوتنی لە گەلدا بکەم بۆ ئەوەی لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بێت بۆ تۆش پەیمان دەدەم زۆر راشکاوانە وەلامی سەرجەم پرسیارەکانت بدەمەوە بۆ ئەوەی لە کارەکەتدا سەر کەوتوو بیت. ، بە هەموو تواناشم هاوکاریت دەکەم) . . لە راستشدا هەر وابوو بە هەموو تواناى هاوکاری کردم و بەلام ئەو داوای لێکردم کە جارێ چاوپێکەوتنەکەی بلاو نەکەمەوە، گووتی من حەز دەکەم خەلک زیاتر بە کارەکانم بمناسێت نەک چاوپێکەوتن، بەلام من تا ئێستا تێنەگەشتم لە گەل ئەوەی راگەیاندنەکان بە بێ لایەنی و سەربەخوبوونیەوە بایەخیان بە بەرهەم و چالاکیەکانی نەدەدا خۆی بۆیی هێندە متوازعانە مامەلە لە کەل کارەکان و هاوەلەکانی دەکرد.

کاتێکیش نامەی بۆ نووسیم کە نایەوێ خۆی لە سەر ژیاننامە و کارەکانی بنووسێت وئەلی چاوپێکەوتنیکی درێژت لە گەل کردووم هەموو پرسیاریکت کردووە دەتوانیت هەندێ لە چالاکیەکان دەر بهێنیت و بینووسیت بۆ کوردستان نێتی ئازیز، چونکە من بۆ ئەوە نانووسم خۆم لە سەر خۆم بنووسم، ، ئەوە پێویستە خەلک بیکات ئەو ئەرکە بۆ تۆ بە جێ دەهێلم) هێندەی دیکە لە بەر چاووم گەورە بوو گووتم چ کارو هەلوێستێکی مرۆڤانە ماوە لم مرۆڤەی نەبینم

که ئەو کورتەیەشم دەرهێنا زانیم ئەم حاتوونە بەو تەمەنە کورتەی ژیانی نووسین و رۆنامەنووسی چەند کاری گەورە و هەلوێستی گەورەی لێ وەشاوەتەوە، لە ئێستاشدا وەکو ماموستا ( سعاد) دەیگووت منالێکی گەورە، گەنجێکی گەورەیە و، وە چۆن بە منالی هێندە گەورە بوو کردەوە بچوکەکانی ئێمەی ئاراستەی بێ دەنگی دەکرد، ئیستاش کردەوە ناشیرین و بچوکەکانی هەندێ لایەن و کەس و دام و دەزگا بە بێ دەنگی وەلام داوەتەوە لە گەل ئەوەی زۆریان لە کارەکانی پەک خست و پەک دەخەن و زۆریشیان بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان قوستەوە

زانیشم کە کوردستان نێت حۆی دەکات بە مالی هەموو کەسیکی بە هەلوێست و دلسۆز بۆ نەتەوەکەی هە بۆیە نووسەرە دیارو بە هەلویستەکانی لە یاد نەکردووە حزمەتیان دەکات

www.kurdistannet.org کوردستان نێت